کورتەچیرۆک

# حیزبی زستانە

## حەمەفەریق حەسەن

هەڤاڵ سەری کاسی ناوەتە کۆشی. بەسەر خۆیدا شکاوەتەوەو لە ناخەوە خجڵ ماوە. گۆرانییە خێراو بە ڕەزمەکانی تەلەڤزیۆن ناتوانن بۆ دنیای ژوورە زستانییەکە کێشی بکەنەوە. دیمەنی مات و خەفەتباری هەڤاڵ سەرنجی باوکی ڕادەکێشێ. باوکی تەلەڤزیۆنەکە بێدەنگ دەکات و دەپرسێ:

((ئەوە بۆ لووتت داژەندووە؟ دە سەرێک هەڵێنە هەڤاڵ!))

هەڤاڵ سەر هەڵدێنێ و دەڵێ:

((ئەوی ڕاستی بێ، کرێی شەش مانگی ئەو تاقە دوکانە کەوتۆتە ئەستۆی من و بۆشم هەڵناسووڕێ بابە!))

((ئێ، تەمس دووکانیشت هەیەو نەمانزانیوە!.. جا دوکانێک کرێیەکەی خۆی دەرنەهێنێ، چۆن دوکانێکە؟))

((دوکان مەبەستم پێ بارەگای حیزبە!))

((جا بارەگای حیزب لە دوکانێکدا؟!))

((ئا، بێ دەرامەتییە، دەنا دەبوایە تەلاریکامان بۆ بارەگای حیزب بەکرێ بگرتایە!))

((حیزبەکەتان بەخێرێ ناوی چییە؟))

((ناوی حیزبی زستانە بوو!.. خۆ کاتی خۆی بەیاننامەی دامەزراندنیم بۆ هێنای!))

((وابوو.. بە خەتێکی شەڕە پشیلەی ناخۆش نووسرابوو. مەیلم نەچووە سەری بیخوێنمەوە.. حیزبی زستانە! ناوێکی غەریبە.. باشە ناو بڕابوو هەڤاڵ؟))

((ئاخر پیاوی سیاسەتزان دەبێ بەچرای ڕۆنگەرچەکەوە لە دووی دەرفەت بەگەڕێ و بیقۆزێتەوە. ناویش بۆ خۆی گرنگە و مەسەلەیەکە بابە. هێشتا هاوین بوو، پێشبینیمان کردبوو، کە زستان سەخت دەبێ و نەوتیش نابێ خۆمانی پێ گەرم بکەینەوە. کارەباش دەرەقەت نایەت و پەکی دەکەوێ. وتمان بەڵکو ئەم بۆشاییە گەورەیە بەچاکەی خۆمان بقۆزینەوە و بتوانین جەماوەر لە خۆمان خڕ بکەینەوە. ئەگەر بڵێی لە بنەڕەتدا بیرۆکەکە هی من بوو. دوای ئەوەی هەموو لایەک ڕایان لەسەردا، ئەوەبوو ناومان نا حیزبی زستانە!))

((ناودێر بێ، جا جەماوەرتان لە دەور خڕبۆوە؟))

((سەرەتا هەر خۆم و نەجم و ئەوڕەحمان بووین.))

((جا ئەوە دەکاتە حیزبێکی سێ قۆڵی!))

((زۆر حیزبی گەورەش لە دنیادا هەر وەها پێکهاتوون!))

((چەند ئافرەتی تێدایە؟))

((بۆ مەسەلەی ئافرەت، دەبوایە لە ماڵی خۆمانەوە دەست پێبکەین، کەچی دایکی هیچ کاممان حەزی لە سیاسەت نییە. خوشکەکانیشمان یان سەر بەقوتابیان یاخود سەر بەخوێندکارانن. بەڵام بەم دواییە بێوەژنێک ببووە دۆستمان!))

((بێوەژن؟!))

((ئا ئا، بێوەژنێکی تەڵاقدراو بوو!))

((هەر ئەوەندە؟ دەتۆ لەوێدا خاڵ دامەنێ و کۆتایی بەڕستەکە مەهێنە، کوڕم!))

((باشە لەسەری دەڕۆم.. ئەو بێوەژنە جارو بار بە قاڵبە کێکەوە سەری دەداین. ئەوەی بەلای هەمووانەوە جێی خۆشنوودی بوو، ئەوەبوو بەجلکی کوردیی شۆڕەوە دەهات. سەرتاپا شینی ئاسمانیی دەپۆشی. بەدەم ڕێوە خرینگەو زرینگەی لێوەدەهات. زەندەی پڕی بازنگ و پاوانەی زیویشی لەپێدا بوو. لەلای بابی خۆم باسی بکەم هیچی تێدایە؟ نا، هەرکە دادەنیشت ئیدی بەرامەیەکی خۆشی برێک تیژ لەو دووکانەدا مەوجی دەدایەوە، خەیاڵاتی دەجووڵاند! سەبارەت ماکیاجیش، ئەوەندەی من بزانم و دەرکم پێکردبێ، تەنیا لێوانی بەپەمبە دەنەخشاند.. بەنۆرە

لاقی لەبان لاق دادەناو پاوانەکانی بەدیاردەکەوتن و...))

((ئا، بیرم کەوتەوە، ئەگەر تۆ لەحیزبدا بەرپرسی دارایی نیت، ئەوا دەکرێ بەئاسانی لێی دەرچیت و بکشێیتەوە. با ئەوانی دی کرێیەکە بدەن!))

((ئاخر کێشەکە لێرەدایە بابەگیان. سەرەتا من بوومە جێگری سکرتێری گشتی و بەرپرسی پەیوەندییەکان...))

((نەتزانی، پۆستی بەرپرسی دارایی گرنگترینیانە!))

((دەئاخر ماوەم بدە با بۆتی باس بکەم.. نەجم بوو بەسکرتێری گشتی و ئەورەحمان بە بەرپرسی دارایی. وەلێ دوای چەند مانگێک حیزبی زستانە دووکەرت بوو. نەجم ئەورەحمانی فریو داو لەگەڵ خۆیدا بردی. ئەوان پێکەوە حیزبێکی نوێیان دامەزراند. ناویان نا حیزبی زستانە و هاوینە. نەجم لەوێش هەر سکرتێری گشتی بوو. ئێ پارەش ئەگەر هەبێ ئەوا هەمیشە لەلای سکرتێری گشتییە. ئەورەحمانیش هەر بەناو بەرپرسی دارایی بوو!))

((هیچ پێویستی بەجیابوونەوە نەدەکرد، کوڕی خۆم. دەکرا تەنیا ناوەکەیتان بگۆڕیایە. ئەو حەلە تۆش لەگەڵیاندا دەمایتەوە و بڕایەوە!))

((ئاخر ئەوان بەدزیی منەوە کارەکەیان بڕاندبۆوە!))

((دیارە بڕوایان پێت نەماوە، یان با بڵێین بڕوایان پێت لەق بووە، بۆیە لەسەریان نەکردووی. ئەگەر بڕوایان پێت هەبوایە هەڵبەتە فنیشیان نەدەکردی!))

((ئاخر وەها نییە بابەگیان. کێشەکە لەوە قووڵترەو وەها ئاسان باس ناکرێ!. پێدەچی ئەوان تەنیا و تەنیا مەبەستیان ئەوە بووبێ کرێ دووکانی، بڵێم کرێی شەش مانگی بارەگای حیزب بەمن بدەن!))

((باشە تۆو نەجم لەدیدو بۆچووندا جیاوازیتان چییە؟))

((نەجم بۆچوونی وەهابوو جەماوەری کوردستان وەک چۆن زستانەکە لە سەرماندا چۆقە چۆقی ددانیان دێت و هەڵدەلەرزن، لە هاوینیشدا دووچاری گەرما دەبن. چونکە کارەبا پەکی دەکەوێ. بۆیە هاوین ئێرکۆندیشن و پانکەو بەفر نابێ. لە بەرنامەکەیاندا، بۆ گرفتی هاوین بەڵێنی گۆمی مەلەو باوەشێنیان بەجەماوەر دابوو. ئەگەر ئیمکانیش بوو، لە دەرەوە (مولدە) دێنن. وێڕای بەڵێنی لێفەو بەتانی و گۆرەویی خوری و دەستەوانەو پاڵتۆی ئەستوور بۆ زستانەکە.. ئیتر ئەوەبوو نەجم حیزبێکی نوێی بەناوی (حیزبی زستانە و هاوینە) وە ڕاگەیاندو لە منی نەگێڕایەوە. بۆ نەگبەتی گرێبەستی دووکانەکەیش لە ئەستۆی مندا بوو!))

((باشە نەجم هیچی بۆ زستان کردووە هەتا ئەو خەڵکە بڕوا بە بەڵێنەکانی هاوینی بکەن، ئەوێک کرێی دوکانێکی پێ هەڵناسووڕێ؟!))

((وایە، زۆریش وایە.. بەنێرینی من، نەجم هەلپەرست بوو. دەنا ئێمە سوێندمان بۆ یەکدی خواردبوو، کە هەموو لەخێرو شەڕدا هاوبەش بین. قەول و بڕێمان وابوو، ئەگەر نەمانتوانی بەڵێنەکانی زستان ببەینەسەر، وەک حیزبێکی کوردستانیی ڕەسەن و خاوەن ئەزموون، بۆ ئەوەی ڕووزەردی لای جەماوەر بەین؛ ڕوو لە کەلەپوور بکەین و ئەو پەندە بکەینە سەرمەشق، کە دەڵێ ((زستانان پینە و پەڕۆ، هاوینان قنج قنج بڕۆ!))

((دیارە زۆر بەگران داوتە بەکۆڵتا؟))

((بێگومان بەگران بەکۆڵمدا داوە! لەگەڵ نەجمدا هاوڕێی سەردەمی منداڵین و کوڕی گەڕەکێکین. دوای ئەوەش، ناکۆکییەکی ئەوتۆمان لە نێواندا نەبوو. کەچی ئەو هێندە هینفرسەت... بڵێم، کەم فرسەت بوو، حیزبی زستانە سێ چوار دۆستی هەبوون، ئەوانیشی فریودان و لەگەڵ خۆیدا بردنی!))

((دەبوایە هەر یەکەم کۆبوونەوە بتزانیبا، کە نەجم دیکتاتۆرە!))

((ئاخر بەچدا بزانم بابە گیان؟!))

((دەبوایە بتزانیبا، چونکە هەر سکرتێری گشتییەک ملی بگری دیکتاتۆرێکە بۆ خۆی!! ئەگەر نەجم دیکتاتۆر نییە، ئەو (گشتی) یەی بۆ بە دوای خۆیەوە ناوە، بڵێم لکاندووە؟ خۆ ئێوە بەهەمووتان تیپێکی ڤالیبۆڵتان لێ پێکنایەت. بۆیە (سکرتێر)ی ڕووت سەرو زیادێتی.!))

((ئەی ئافەرین بابەگیان، دیارە تۆیش سیاسەتمەداری و نێڕینی خۆت هەیە!))

((تۆ لەوەی گەڕێ.. دۆستەکانی حیزبی زستانە دەوڵەمەند بوون؟))

((نەخێر. ئەوان، زیاتر ئەفسوون لە نێوەکانیاندا هەبوو.. نێویان پشکۆ، گەرمیان، بڵێسەو مەشخەڵ بوو، کە چوار نێوی زستانەی گەرمی بەخشن. تۆ هەر بەنێوهێنانیان گەرمی بەجەستەت دەگا، بەتایبەت لەچلەی زستاندا. دەبڵێ وانییە بابەگیان؟!))

((ئەمە یەکەم جارمە {نێوی زستانە} ببیستم! ئەمەیان داهێنانە! باشە بۆچی لەکاتی خۆیدا بەیانێکت لەسەر نەجم دەرنەکرد؟))

((با، نیازم هەبوو بەیانێکی تێرو تەسەلی لەسەر بڵاوبکەمەوە. بەیانێکی گورچکبڕێ ئەوتۆ، هەر بەجارێک تەختی بکەم! ئاخ، بەڵام پارەی چاپ و ڕاکێشانیم نەبوو!.. پاشان ئەوانیش خراپیان لێ قەوما! ئاهونزوولەی من بوو..!))

((لێقەومانەکەیان چۆن بوو هەڤاڵ؟))

((پشکۆ، کە سەرەتا دۆستی حیزبی زستانە بوو.. نەجم هاتبوو لە (حیزبی زستانە و هاوینە)دا ، یەکسەر کردبووی بە ئەندامی سەرکردایەتی. وەڵڵا ئەویش نەیکردە نامەردیی دوای مانگێک جیابۆوەو هەموویان لەگەڵیدا چوون.. ئیدی نەجمی سکرتێری گشتی، وەک سڵقی ڕووت، بەتەنێ مایەوە!))

((وەڵڵا ئافەرین! خوای تۆ پێی نواند..! دوای ئەوە چی ڕووی دا؟))

((دوای ئەوەی پوولێکیان بەنەجمەوە نا.. پشکۆ حیزبێکی نوێی بەناوی (حیزبی چوار وەرزیی) یەوە دامەزراند. پشکۆ وەهای بۆدەچێ، گوایە مرۆڤی کورد هەر چوار وەرزەکە دووچاری سەرماو گەرماو برسێتی و فشار دەبێ. ئەو لە بەیاننامەی دامەزراندندا بەڵێنی بەجەماوەر دابوو، وێڕای دابینکردنی پێویستییەکانی زستان و هاوین. بەهاران بۆ سەیرانیان ببات و پایزانیش هەر لە ساوەرو ترخێنەو بڕوێش و دۆشاوی تەماتەوە بیگرە هەتا دەگاتە قەرەخەرمان و گەنمەکوتاوو لەتکەنۆک و پەڵپینە، ئازووخەیان بۆ بخات..!))

((بەویژدانم پشکۆ لە هەمووتان کردەترو وریاترە.! هەتیو تۆ لە قوتابخانەشدا، بەدوو ساڵ ئەمجا پۆلێکت دەبڕی، ئەویش بەئیکمالی!))

((نا بابەگیان نا.. من خۆم مەراقم زۆرە، تۆش سەرکۆنەم مەکە.. خۆ مەسەلەکە بەزیرەکی و تەمبەڵی و بڕوانامە نییە. حەز دەکەی هەر ئیستا شازدە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبانەت بۆ بژمێرم، کە هەموویان نەخوێندەوارن!))

((ئەدی مەسەلەکە چییە؟ دە تێمگەیێنە هەڤاڵ؟))

((مەسەلەکە ئیمکانییاتە! من لە ژیانی سیاسی خۆمدا وانەیەکی زۆر گرنگ فێربووم.!))

((ئادەی ئەو وانە گرنگە فێری باوکی خۆشت بکە؟!))

((ئا، ئیمکانییاتمان هەیە.. ئیمکانییاتمان نییە.. مومکین دەبێ، مومکین نابێ.. ئەم قسانە هەموویان یەک واتا دەبەخشن بابەگیان!))

((واتایان چییە هەڤاڵ؟))

((ئیمکانییات واتە پارە!!.. ئەگەر پارەم هەبووایە، نەک نەجم و پشکۆ و ئەوڕەحمان، بەڵکو دوو زلهێزەکەشم بۆڕ دەدا..! دە تۆش بابە کرێی شەش مانگی دووکانەکەم بۆ بدە، بۆم دەدی؟!))

((تۆ جارێ لێم بوەستە. من نەجم دەناسمەوە. وەک بەساوایی نیونێک لووتی شێلابێ.. منگنیشە!))

((خۆیەتی، بەڵام ئەو ئەوەندە لەشی نەرمە دەڵێی ئێسک لەجەستەیدا نییە! پەنجەی شایەتومانی دەداتەوە لەپشتی دەستی! کەسیش تاوڵەی لێناباتەوە! دەتوانێ لە ناو پیاڵەشدا زاربگرێ!))

جا تاوڵە پەیوەندیی بەسیاسەتەوە چییە؟))

((ئەوان دەڵێن هەیەتی! بۆ نموونە، کە شەشدەرت لێگیرا چی دەکەی؟ ئەوە مەسەلەیەکە، شاعیرێکی کۆن شیعری لەبارەوە هۆنیوەتەوە!))

((ئەدی پشکۆ چۆن کوڕێکە؟))

((پشکۆ لووتێکی هەیە وەک لە ڕوویەکی خاوەن سەرو سوورەت کرابێتەوەو بە تۆپزیی بەڕووی باریکی ئەمەوە لکێندرابێ. تۆ کاتێ بۆ یەکەمجار دەیبینی وا هەست دەکەیت، هاکا لووتی بەربۆوەو کەوتە سەر عەرد! پشکۆ دوو ساڵان لە پۆلی دووەمی ناوەندیدا ماوەتەوە. دوو مانگیش لەقوتابخانەی شەودا خوێندوویەتی و... بەڵام بۆ گۆرانیی دەهۆڵی دەنگی خۆشە! سوورەتی یاسینیشی بە تەجویدەوە لەبەرە! بەمەش بۆتە خاوەنی ناووداوێکی جەماوەریی. چونکە ئەو لەسەرەمەرگدا فریای ژمارەیەک لە خەڵکی گەڕەک کەوتووە. یاسینی خوێندوون و هەمووشیان زرپ و زیندوو هەڵساونەتەوە!))

((ئێ، گۆرانیی دەهۆڵی و سوورەتی یاسین و سیاسەت! ئەمانە شتگەلێکن بەیەکەوە ناگونجێن! ئەدی ئەوڕەحمان؟))

((ئەوڕەحمان لەهەموومان خوێندەوارترە. ئەو بەدوو ساڵان توانیوێتی سێی ناوەندیی ببڕێ. ژمارەیەکی زۆر شیعری کلاسیکی لەبەرە. لە ڕاکردنی سەد مەتریدا یەکەمی ناوەندییەکەی خۆیان بووە. گرەوێکیش هەیە لەهەموو کەسی دەباتەوە!))

((ئێ، ئادەی، ئەو گرەوە چییە؟))

((ئا، ئەو دەتوانێ زمانی بداتەوە لەچاوی! گرەویشی لەسەر دەکا!))

((شتی وەها نەبووە!!))

((بووە و چەند جارێکیش!))

((هەرگیز نابێ، وەیی!))

((دەبێ، بابەگیان دەبێ! ئاخر من بەچاوی خۆم بینیومە، کە زمانی داوەتەوە لەچاوی و گرەوەکەشی بردۆتەوە!))

((دیارە تۆشی فێرکردووە!))

((من؟ من هەرگیز ناتوانم زمانم بدەمەوە لەچاوم. ئەوڕەحمان تاکە کەسە بتوانێ کاری وەهای لەدەست بێ!))

((هەرچەند دەکەم ئەقڵم نایبڕێ و نایبڕێ! وا دیارە ئەو زمانی هێندەی زمانی زەڕافەیەک درێژە!))

((نانا.. زمانیشی وەک هی ئێمەمانان ئاساییە!))

((ئێ، سەمەرەیە! دیارە ئەو زمانی لاستیکیی هەڵکەوتووە، کشی دێت! ئەوەتا من ناتوانم زمانم لە سەری لووتیشم بدەم، چجای چاوم! باشە ئەو چلۆن دەتوانێ لەچاوی بدا!))

((نانا، زمانی لاستیکی هەڵنەکەوتووە! ئەگەر ئەو نهێنییەم پێوتی، کرێی شەش مانگی دووکانەکەم بۆ دەدەی بابە؟))

((دەتۆ پێمبڵێ، جا ئەوسا لەوانەیە خوا بنێتە دڵم و ئەم بەڵایەت لەکۆڵ بکەمەوە!))

((باشە هەر ئێستا پێتدەڵێم؛ نەبادا لەگەڵ تۆشدا ئەو گرەوە بکات و لێشت بباتەوە. بەکورتی ئەو چاوێکی شووشەیە. بەئاسانی لەکالانەی چاوی دەردەهێنێ، زمانێکی لێدەداو سووک و باریک دەیخاتەوە جێی خۆی! ئەو ئاوا گرەوەکە دەباتەوە!))

((دامنا ساڵی ساڵانەو بە ڕێزێک سفری چاو زەقەوە گەڕاویتەوە. دوو کاوڕە لاتم هەن. سبەی بیانبە بۆ مەیدان.. نا نا، ڕەنگە لەمەشیاندا سەرکەوتوو نەبی! خۆم دەیاندەمە پێش. بوو بە مەراقم. ئەرێ بەڕاست بێوەژنەکەی دۆستی حیزبی زستانە لە کوێ گیرسایەوە؟))

((پرسیارێکی جوان و لەجێیە.. ئێستا خێزانی سکرتێری حیزبی چوار وەرزەیە.. خێزانی پشکۆیە!))

((بزانە، تۆ بێوەژنێکیشت پێ هەڵنەخەڵەتا هەی سیاسەت نەدار!))